# جوانترین شیعری غەزەلی تورکی

و: محەمەد سابیر مەحموود

لە مانگی ئەیلوولی ساڵی (١٩٨٧)دا، ئەدیبێک بەناوی "دوغان خیزلان"ەوە، کتێبێکی بەناوی جوانترین چامەی غەزەل بەچاپ گەیاند، کە پتر لە سەد چامە دەگرێتە خۆی.
مێژووی زۆربەی چامەکان دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمانێکی کۆن کە ئەو شاعیرانە ژیانیان تێدا بەسەربردووە..
بەباشمان زانی چەند چامەیەک لەو شیعرانە هەڵبژێرین و پێشکێشیان بکەین بەخوێنەرانی هێژای کورد زمان لەگەڵ ڕێزماندا.

## ماریا

**شیعری: ئەسەد خەتات چەلەبی ١٩٠٧ – ١٩٥٨**

ئێجگار دوور.. وەک وڵاتی چین
زۆریش نزیک.. چەشنی ڕوح

تۆ.. کیژۆڵەیەکی ئەفسانەییت

دوێنێ لە چینەوە هاتووی
ئەمڕۆ لە لیشبۆنەوە..

ڕووخسارت بۆنی دارچینی لێ دێت
لە گلێنەی چاوەکانتدا.
جنۆکە خۆی مەڵاس داوە

ڕۆژێک دێ، ئێرە بەجێ دەهێڵی
ئەی ماریا.. ئەی نزیک بەروح

ئەی زۆر زۆر دوور وەک وڵاتی چین
ڕۆژێک دێ ئێرە بەجێ دەهێڵی!
لاپەڕەکانی نەخشە ڕەنگاڵەکان هەڵدەدڕێتەوە

لە شووشەی ئاوێنەکاندا بۆت دەگەڕێم
لەم شارەدا بۆت دەگەڕێم
لە هەموو ئەم جیهانەدا بەدواتا دەگەڕێم!!

## چامەیەکی ئەڤینداری

**موزەفەر تەییب ئۆسلو ١٩٢٢- ١٩٤٦**

ئەتۆ.. چامەی ئەڤینێکی دێرینی..
بۆنی شنەبای ئێوارانی هاوینی گەرمت
لێ دێت
ئایا.. !؟
لە دەستەکانت دێ!؟
لە کەزیەکانی پرچت!؟
لە چاوەکانت!؟
نازانم...
بەڵام.. بۆنی شنەبای ئێوارانی
هاوینێکی گەرم،
لە ڕووخسارت دێ

# هاوڕێی روح

## شیعری: باشاران ١٩٢٦

تۆ کچۆڵەی گۆرانی ئازادیت..

تۆ ئەو فێنکییەی لە خوێنمدا دەگەڕێ.

لە بان پانتایی ئەم دنیا بەرینەدا،
ئەتۆ هاوڕێی روحی هەتیومی.

لەو کاتەوە نیگاکانمان لەم ئێوارەیەدا،

ئاوێتەی یەکدی بوون..
بۆم دەرکەوت کە مەحاڵ نییە،
لووتکەکانی کێوی (قاف) بەیەکتری بگەن!

چێژی خۆڵی شێدار لە نەرمونیانی بازووەکانتدایە..
چەشنی دڵۆپێکی عارەق جوانیت دەدرەوشێتەوە.

ئەمنیش کێڵگە سوور و سپیەکانم لە ئامێز دەگرم

ئای لە بۆنی گوڵە بۆندارەکان!
ئای لە نەرمونیانی گژ و گیای شێدار!
رەشەبایەکی شێتگیر لە دڵما هەڵدەکات.

چەشنی چاوەکانت ئەستێرەکان دەدرەوشێنەوە.
کاتێک دوو بەدوو گفتوگۆ دەکەین و
تۆ بەرامبەرم وەستاوی..
هەست بەگەرموگوڕی ناو لەپەکانت و،
بەلەرزینی لێوەکانت دەکەم!
هەست دەکەم، مانگێکی تازە لە دایکبوو،

بەسەر سەرمەوە، تێم دەڕوانێ..

لە ناخەوە وردوخاش دەبم و،
وەک پارچە زێڕ، پەرش و بڵاو دەبمەوە.

کەرکووک – ٢٠٠٩/١/١٧